## کێ داگیرکەرە: یۆرگن یان کۆمۆن

رزگار شەیبان

یۆرگنی لاو کە تەمەنی لە خوار ١٦ سالەوەیە وەك قارەمانی داگیرکەری خانوویەکی بێکەلکی کۆمەنی ئۆسلۆ ماوەیەکی کورت لە میدیاکانی نەرویجەوە ناوبانگی دەرکرد. ئەم لاوە مسئول و سەرپەرشتی زیاتر لە ٥٠ مندالی دەربەدەر و بێنەوایە، ئەو مندالانەی کە یۆرگن سەرپەرشتیان دەکات یان بێ کەسن یان لە خێزانەکانیان رایان کردووە یان لە جێگای بێنەوایانی کۆمۆندا هەلهاتوون و پەنایان بۆ یۆرگن و هاورێکانیان هێناوە. یۆرگن بە تەنها خۆی مسئولی رێگاو جێگا و بژێووی ئەوانی خستۆتە ئەستوی خۆیی بە شێوەیەك رێکیخستوون کە هەمووانە بتوانن ژیان و گوزەرانیان دابین بێت. هونەری یۆرگن لە ئازایەتی و رووبەروبوونەوەی دەسەلاتدارانی کۆمۆندا دەرکەوتووە.

کۆمۆنی ئۆسلۆ دەیەوێت ئەو خانووەی کە ئەو مندالانەی تێدایە جارێکی تر بیسەنێتەوە و بیروخێنی. بۆیە یۆرگن ئەم جارەیان هەرچەندە خۆشی لە میدیاو تەلەفزیۆن نەدەهات ناچاربوو کە ئەم کێشەیە بهێنێتە بەردەم میدیا، و نوێنەری پەرلەمانەکان واداربکات کە سەردانی ئەو جێگایە بکەن و لە کێشەی ئەومندالانە بکۆلنەوە.

میدیایی نەرویج کە بە سانسۆر و بە ئاشکرا بەستنەوەی بە دەسەلاتدارانەوە ناسراوە، تەنها ماوەیەکی کورت لەسەر ئەم کێشە رۆشت، وە زیاتر قسە و چارەسەری پارتە سیاسیەکانی دەولەت و پەرلەمانی بۆ چارەسەری کێشەی بێ خانوو و مندالانی بێنەوا بەیان دەکرد.

پارتیەکانی پارلەمان هەر لە مەسیحیەکان تا سۆشیال چەپەکان بێجگە لەوە خەریکی پاساو پینەکردنی کێشەی هەژاری و بێخانوویی، و شاردنەوەی هەلومەرجی ژیانی بە دەیان هەزار کەس کە لەژێر هێلی هەژارییەوە دەژین، دەیانوویست کێشەی ئەو مندالانە بە پەروەردەی خێزان و چەتوونی و سەرکێشی خودی ئەومندالانەوە ببەستنەوە.

"رادیکالترین" قسە بۆ چارەسەری ئەو کێشە لە پارتییە سیاسیەکانی نەرویج کرستین هەلڤەشن کردی کە نوێنەری پارتی سۆشیال چەپە: دەبێت ئەو مندالانەوی کە لە جێگاکانی سەرپەرشتی کۆمۆنەوە رایانکردوە بگەرێنەوە بۆ ئەو جێگانە, و کۆمۆن سەرپەرشتیان لە ئەستۆ بگرێت. وە ئەو مندالانەی تریش خێزانەکانیان. . .

گالتەجاریی ئەو قسە لەوەدایە کە کریستین هەلڤەشن و پارتی سۆشیال چەپ خۆیان ماوەیەکی زۆر لەسەر دژایەتی بودجەی کۆمۆن و دەولەت و کێشەی کۆمەلایەتی و کێشەی بیٚ خانوویی و کێشەی مندالانی هەژار دەیانەوێت ئارایی خەلك بۆ خۆیان کۆکەنەوە و خۆیان رادیکال دەربخەن. کریسستین وەلامی تەنها ئەوەندە بوو بۆ چارەی ئەو کێشەیە، وە هەموو ئەوقسە و باس و دەباتانەی کە لە پەیوەند بەوانەوە رەخنەی لە سیاسەتی دەولەت و پارتی دەسەلاتدار و پەروەردەی پارتی مەسیح کردبوونی، بیرچوو.

یۆرگنی قارەمانی داگیرکەریش کە بە زەردەخەندەیەکەوە گالتەی بە هەموو ئەو قسانە دەهات، و دەیزانی چاوەروانی چارەسەری ئەو کێشەیە زۆر دوورە. بۆیە دوایین قسەی ئەو بۆ ئەو کێشەیە ئەوە بوو: ئێمە ناوەستین ئەگەر ئێرەش دەرووخێندرێت، ئیمە دەروین و دەگەرێین تا خانوویەکی تری کۆمۆن پەیدا دەکەین و داگیری دەکەین. دووایین قسەی یۆرگن بوو پێش ئەوەی لە چاوی کامێرەی تەلەفزیۆنەکاندا وون بێت.

16. 06. 2002